# بەشداری کردنی چریکە فدایەکانی خەڵک لە ئینتخاباتی مەجلسی هەشتەم بە درۆوە دەخەین

(پیلانی نوێی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دژ بە چریکە فەدایەکانی خەڵکی ئیران)

لەم دوایانەدا سایتێکی هەواڵ نیری ڕژێمی دژ بە خەڵکی کۆماری ئیسلامی بە ناوی "عصر ایران" خەبەرێکی پرو پوچو و بێ ماناى بەم چەشنە بڵاو کرەوهتەوە. "گرووهەکی چریکە فەدایەکانی خەڵک لە ئینتیخاباتی مەجلسی هەشتەمدا بەشداری ئەکەن" ئەم هەواڵە جۆریکی ترە لە پروپاگەندەی ژهراوی و بڵاو کردنەوەی درۆ و دەلسەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژێمی ئیسلامی

بەڵام کاتی کە بینەر دەقی هەواڵەکە ئەیخوێنێتەوە لە فێڵ و فەنی و تاکتیکی وەزارەتی ئیتلاعات تێدەگاە و ئەزانێت کە مەسەلە بەشداری کردنی ئێمە لە ئینتیخاباتدا نیە و باسی نامەنوسینی فەڕوخ نگەهدار بەرپرسی ڕێکخراوە فەدایەکانی ئەکسەریەتە لە گەڵ هندێک لە کار بەدەستانی ڕژێمی ئیسلامی.

لە دوای بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە سەراپا درۆیە لەو سایتەدا سایت و دەستگاە ڕاگەیەنەرەکانی تری ڕژێم دایان لە دەهۆڵ و زۆرنا دژ بە چریکە فەدایەکانی خەڵکی ئێران تا ڕادەیەک کە ڕۆژنامە ئێران کە لە ناوەوەی وەڵاتدا دەر ئەچێت، لە ڕۆژی یەکشەمە ٢٢ مێهر مانگی ١٣٨٦ خەبەرەکەی بە چەشنە لە چاپ درابوو.

**("داواکاری گروهەکی چریکەفەدایەکان بۆ بەشداری کردنیان لە ئینتخاباتی مەجلسدا")**

**"خەبەرێکی تر ئەمەیە کە گرینگی هەڵبژاردنی دەورەی هەشتەمی مەجلس شۆرای ئیسلامی و تایبەتمەندیەکانی هندێک لە بەر ئەنگارانی کە لە دەورەوەی وڵات دادەنیشن شکاندوەتەوە و کەوتونەتە جوڵانەوە بۆ بەشداری کردن لە ئینتخاباتدا. یەکێک لە ئەندامانی گروهەکی بە ناو چریکە فەدایەکانی خەڵک کە لە فەرانسە دا ئەنیشێت لە نامەیەکدا لە بەر پرسانی باڵای دادپەروری (قەزای) وڵات داوای کردوە کە بۆ ئەوە ڕەوەندی ئینتخابات بە باشی بڕواتە پێشەوە ئیزنمان بدەن کە بێنەوە و بەشداری تێدا بکەین. هەر وەها لە وتوێژێکدا هەر ئەم بەر پرسە ئەڵێت هەر کارێکمان کردوە ئەبێت بگەڕێنەوە هەر وەها ئەبێت لە ئەو گروپ و حیزبانەکە دژ بە ئەحمەدی نژادن پشتیوانی بکەین"**

چون تێکۆشەرانی ئێمە ڕووبە بە ڕووی چەند پرسیار بوونەتەوە چەند ڕون کردنەوەیەکمان بۆ هەمووان بە پێویستمان زانی:

١- چون لە دامودەزگای کوماری ئیسلامی و لە هیچ کەسی تریش شاراوە نیە کە فەڕوخ نگەهدار و ڕیکخراوەکەی خۆیان بە "چەریکی فەدایی" ناو نابەن و لە مێژەوە لە ژێر ناوی

"ڕیکخراوەی فەدائیانی خەڵک (ئەکسریەت) تێکۆشانیان هەیە، دیارە کە دامودەزگای ئاسایشی ڕەژێمی ئیسلامی لە بەر وەک یەک چونی ناوەکان سنوری ئەو ڕێکخراوانە تێک دات و خەڵک چەواشە ئەکات. هەر ئەم کارەی ئاسایشی کوماری ئیسلامی نیشانەی باردۆخێکی تایبەتیە لە ئێراندایە. لە ڕاستیدا بە کار هێنانی ناوی فەدایەکانی ئەکسەریەت بۆ پرو پاگەندی ژاروای دژ بە چریکە فەدایەکان پیشاندەری تێکۆشان هەلێکی لە بارە کە دامودەزگاکانی ڕەژێمی خستوەتە پەلە قاژە.

٢ – ئەوانە کە مێژوی گۆڕانکاریەکانی سیاسی لە ئێراندا ئەزانن ئاگایان لێیە کە دارو دەستە فەڕوخ نگەهدار لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهمەن مانگ ٥٧ سیاسەتی پشتیوانی لە کوماری ئیسلامیان هەڵبژارد. ئەم هەڵبژاردنە بە کردوە، نگەهدار و دارو دەستەکەی لە خولگەی بزوتنەوە و تێکۆشان و خەباتی خەڵکانی ئێران فڕە دایە دەرەوە. سیاسەت و ئامانجی ڕێکخراوەی ئەکسەریەت بە هیچ چەشنە نە دە گونجا لە گەڵ بیرو بۆ چون و سیاسەتی شۆڕشگیرانە و ناوی پڕ بە شانازی چریکە فەدایەکانی خەڵکی ئێران بۆیی ناچار بوون لەو ناوە دەست هەڵگرن و لە ژێر ناوی فەدایەکانی ئەکسەریت جوڵانەوەیان هەبێت. دارو دەستەی ناو براو لە چوار چێوەی هاوکاری و پشتیوانی لە ڕەژێمی کوماری ئیسلامی تەنانەت لە سرکوت کردنی خەڵک و شورشگێران کۆتایان نەکرد، لە بەر ئەمە و دەیان هۆی جیاوازی تر لە ناو خەڵکدا بە ڕیکخراوەیەکی دژ بە خەڵک پشت لێ کراو و ناسراوون. ئەکسەریەت بە بێ ئەوە کە لەم ڕیسوایی باکی ببێت ساڵەها لە خزمەت ڕژێمی ئاخوندیدا خائینانە تێکوشاوە. ڕێکخراوەی ئەکسەریەت هاو سەنگە لە خەیانەت. دامودەزگای دروزنی کۆماری ئیسلامی چاک ئەزانێت کە بە کار بردنی ناوی ڕێکخراوی ئەکسەریەت نە تەنیا یارمەتی نادا بۆ فریو دانی خەڵک و گەرم کردنی تەنوری فێڵ بازی. لە بەر ئەمە بە بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە دژ بە چریکەفەدایەکان دەستی داوەتە بڵاو کردنەوی درۆ و دەلەسە.

٣ – دوای ڕاپەڕینەکەی بەهمەنی ٥٧ ڕێڕوانی ڕاستەقینەی ئارمان و ڕیبازی ڕیکخراوەی چریکەفەدایەکانی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر کسانێک وەک نەگەهدار کە هیچ باوەڕێکیان بە ڕێبازی چریکەفەدایەکان خەڵک نەبوو وە خۆیان خزانبوە نێو ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەیەک هەر بەو ناوە وەستان، هەر لە سەرەتای ڕاەپەڕینەکەدا هۆشیارانە بەم چەشنە بیرو بۆ چونە سازشکارانە و خائینانەیان زانی سەفی خۆیان لەوان جیا کردەوە. ئەمانە تێکۆشانی و هەڵمەت و چالاکیەکانی خۆیان لە ڕێکخراوەیەک بە ناوی (ڕێکخراوەی چریکەفەدایەکانی خەڵک ئێران) درێژە پێ دا. چریکە فەدایەکانی خەڵک هەر لە سەرەتاوە بنەچەی دژی ئینقلابی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی سەرکوتگرانەی ئەو ڕژێمەی دژ بە خەڵکان ئێران ئیفشا کرد و هەر وەها سەبارەت بە سیاسەتی سازشکارانە و خائینانەی ڕیکخراوەی سازمانی فەدایی هۆشدارای داوە. ئیستا لە دوای تێ پەڕ بوونی ٢٥ ساڵ بە سەر ئەم ڕێکخراوەیەدا هیشتا دامودەزگاکانی ڕەژێمی ئیسلامی هەر کات بیانەوێت دژ بە ڕیکخراوەی چریکەفەدایەکان درۆ و دەلەسە بڵاو کەنەوە و سنوری پتەوی ئەم ڕێکخرواوەیە تێکەڵ کەن بۆ چونەکانی ئەکسەریەت ئەنێنە حەسێبی ئێمەو بەم چەشنە بە گومانی خۆیان ئەیانەوێت ناوی پاکی چریەکەفەدایەکان گڵاو کەن و خەڵکمان لێ پرنجێنن.

٤ چریکەفەدایەکانی خەڵکی ئێران لە سەر ئەم باوەڕە ڕاستەقینەیە کە لە چوار چێوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری حاکم و زۆر و زەبنگی "وەلی فەقیە" ئنتخابات مانای نیەو "مافی هەڵبژاردن"ی خەڵک سرکوت و لە ژێر دەسەڵاتی لات و چەقۆ کێشەکانی ڕەژێمی ئیسلامیدا پێ شێل کراوە. وە لەم ٢٨ ساڵەدا ئێمە لەم یاری کردنە بە خەڵک خۆمان پاراستوە و هەمیشە دو پاتمان کردوەتەوە کە "ئارای" خەڵک لەم چەشنە ئینتەخاباتەدا

هیچ بەهایێکی نیە و تەنیا بوونیان لە گۆڕەپانی ئینتیخاباتدایە کە بۆ ڕەژیم گرینگە و هیچی تر. راستی ئەمەیە کە لە ئێراندا شانۆیەک بە ناوی ئینتیخابات تەنیا بۆ دەست نیشان کردنی نوێنەرانی ڕەژێم نە بێت شتێکی تر نیە. گاڵتە جاڕە کە لە ئاوا هەل و مەرجێکدا کە ڕای و بۆچونی خەڵک کە بە شێوەیەکی گاڵتە پێکراو پێ شێل ئەکرێت هەواڵ لە بەشداری کردنی چریکە فەدایەکانی خەڵک لە ئینتیخاباتدا تەنیا ئەتوانێت بێ شەرمی و ڕسوایی دروست کەرانی درۆ و دەلەسەی وا بێت.

٥- ئەوی ڕاستی بێت هەر چەند زۆرتر بیرو بۆچونەکانی چریکەفەدایەکان لە ناو کۆمەڵگادا دەنگ ئەداتەوە و بڵاو ئەبێتەوە ماشینی تەبلیغات و دروست کردنی درۆ و دەلەسەی ڕژێمی ئیسلامی و نوکەرە جۆراوجۆرەکانی ئەکەوێتە کار بۆ چەواشە کردنی خەڵک پرو پاگەند و درۆ دروست ئەکەن. خەبەری سایتی "عەسری ئێران" یەکێکە لەو نمونانە.

ئێمە لە سەر بنەوای ئەوەی کە لە سەرەوە ڕامان گەیاند ئەو درۆ بێ شەرمانەی سایتی "عەسری ئێران"  ڕەت ئەکەینەوە و هەر وەها لە هەموو ئەو سایتە و بڵاوکراوانە کە لەم ماوەیەدا ئەم درویانە بڵاو کردوەتەوە داوا ئەکەین کە بۆ پیشاندانی ئەوە کە لە گەڵ سایتی و سرچاوەی ئەو درۆدا هاو هەنگاو نین ئەم بەیانیەی ئێمە لە سایت و یان بڵاوکراوەکانی خۆیاندا دانێن.

**لە گەڵ باوەڕ بە سەر کەوتنی ڕێبازەکەماندا**
**چریکەفەدایەکانی خەڵکی ئێران**
**٢ ئابانی ١٣٨٦ – ٢٤ ئوکتوبر**ی ٢٠٠٧

**www.siahkal.com**

**ipfg@hotmail.com**

**www.ashrafdehghani.com**